# ٤/١٤ ساڵرۆژی کارەساتی ئەنفالەکان
# رۆژی ماتەمینی خەڵکی کوردستانە

راستە ئەنفال پلانێکی نەخشە بۆ کێشراوی پێشوەختی عەسکەرتارانە بوو ، بۆ لەناوبردن و تەفروتۆناکردنی بە کۆمەڵی مرۆڤی کورد، بەڵام ریشەی ئەم جۆرە پلانانە رەگی لە بیروباوەری پان ناسیونال وفاشیست و دیکتاتۆرەکاندایە . ئەنفال لە ٢/٢٢ تا ٩/٦/ ١٩٨٨لەلایەن ماشینی جەنگی رژێمی فاشی ودکتاتۆرەکەیەوە بەچەند قۆناغێك بەرێوەبرا: ئابلۆقەدانی سەربازیانەی تەواوی گوندەکان، دەستبەسەرکردتن و بە کۆیلەگرتنی خەڵکەکە، هەر بەکۆمەڵ، بە ئۆتۆمبیلی سەربازی سەرداپۆشراو بۆ شوێنی نادیار راگوێزران ، تاڵانکردنی سەروەت وسامانەکەیان تا دەگات بە سەعاتی دەست وئەنگوستیلەی پەنجەیان. یەك بە یەکی دێهاتەکان بە فێرگەی منداڵان، مزگەوت، کڵێسا و تەکیەوە بە دینامیت تەقاندەوەو بە شۆفەڵ تەخت وخاپوور کران.

ئۆپیراتسیونی ئەنفال بە بۆچوونی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وبە پێی یاسا نیودەوڵەتییەکان و بەبۆچوونی خۆشمان، هەمان تاوانی هۆلۆکۆستە(قڵاچووکردنی جووەکان بەدەستی نازییەت لە ئەلمانیا) وهاوشێوی قەتلوعامی ئەرمەنەکانە لەقەسابخانەکانی تورکیا، بەڵام نە حزبە کوردییەکان ونە پەنابەران بە گشتی ونە رۆشنبیران تا نووسینی ئەم بانگەوازە، بە شێوەیەکی جدی نەیانتوانیوە ئەنفال لەسەر ئاستی جیهان وەك هەوڵی فاشیستەکان بۆ جینۆسایدی گەلەکەمان پێشان بدەن.

لەم ساڵەوە، دەمانەوێت شانبەشانی هەموو توانا وهەوڵەکانی تر، بەهەموو وزەیەکمانەوە هەوڵی جدی بدەین بۆ ناساندنی ئەنفال بەرێگای رێکخستنی پرۆتێستی جوراوجۆر، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئۆپیراتسیونێك لە جۆری ئەنفال روومان تێنەکات ودەروازە جەهەنەمییەکانی بۆ مرۆڤی بێچارەی کورد نەخاتە سەر پشت وریز لە گیانی قوربانییەکان بگرین.

ئێمە، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە، ئەگەری سەرلەنوێ قەومانی ئەنفالیکی تر هیچ بەدوور نازانین: دکتاتۆری ئەنفال ورژێمەکەی وەك خۆی ماونەتەوە وسەرەرۆیی وملهوڕیان لە هەمبەر تەواوی دنیا درێژەی هەیە, دنیای"ئازاد ودیموکراتخوازی"قازانج پەرەستی ئۆروپا وئەمریکاش بێدەنگی تەواویان لەم تاوانە بەربەریانە کردووە. لە کوردستانیش سەرۆکایەتی هەردوو حکومەت جورئەت ناکات ئەم فایلە بقەیە لەگەڵ ناوەندە دەستەڵاتبەدەستەکانی دنیا بکاتەوە.

**لەسەر ئاستی جیهان:**

لەم رۆژەدا بانگەوازی هەموو خەڵکی کوردستان و دۆستانمان دەکەین بۆ رێپێوان بەرەو باڵوێزخانەکانی ئێراق لەو وڵاتانەی ئێدا دەژین. لە هۆڵەندا، لەبەر ئەوەی بیرۆی دادگای نێودەوڵەتی لێیە، دەکرێ بەشێکمان بۆ ئەوێ بەرێبکەوین. لە سویسرا بۆ بەر دەرگای UN، لە شتراسبۆرگ بۆ بەردەم پەرلەمانی ئۆروپی یان هەر چالاکی و ئەکتسیونێك کە ئێوە بە باشی دەزانن بۆ ناساندنی ئەم کارەساتە.

**لە سەر ئاستی کوردستان:**

١/ داواکارین رۆژی ١٩٨٨/٤/١٤ بەرۆژی ئەنفال جینۆسایدی گەلی کوردستان بەدەست حکومەتی ئێراقەوە بەرەسمی بکرێ و هەروەها ئەم مەسەلەیە بخرێتە سەر مێزی گفتوگۆ لە هەردوو پەرلەمانەکەدا.

٢/ داواکارین پاکسازی دەست پێ بکا لە تەواوی دەزگا رەسمییەکانی کوردستان لە تاوانباران وبەشدارابوانی پراکسیسەکردنی ئەنفال.

٣/ داواکارین هەوڵی جیدی بدرێ لەپێناوی باشکردنی بارودۆخی ژیانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان وبە تایبەتی منداڵەکانیان.

٤/ داوا لە تەواوی نووسەران و هونەرمەندانی هەست ناسك وبەهەڵویست دەکەین، هەوڵێك بدەن بۆ درووستکردنی سمبۆلێکی نەمری، هەم بە دەنگ و مۆسیقا، هەم بە رەنگ و پەیکەر بۆ قوربانیانی ئەم تراژیدیایە.

بۆ یەکخستنی هەوڵ وتواناکان، بۆ ئەوەی تا بکرێت پرۆتێست ودەنگی نارەزایەتی بەهێز ویەکگرتووتر بکەین، بۆ ئەوەی سوود لەڕاو پێشنیارو قسەی یەکتر وەرگرین، پەیوەندی بکەن بەم ژمارە فاکس وتەلەفۆنانەی خوارەوە. ئەگەر دەتانەوێت با پێکەوە ئەم ئەرکە بەرێوەوە ببەین، هەروەها دەکرێ ژمارەی فاکس وتەلەفۆنەکانی خۆتانمان بۆ بنێرن.

بەسەرنج وتێبینییە ووردەکانتان هاوکارمان بن ورێگامان پێشان بدەن بۆ کارێك کە ئێوە بەچاکتری دەزانن.

**کاروانی ئاشتی**

٢٠٠١/٢/٢٤

| بۆ پەیوەندی کردن: | ژمارەی فاکس و تەلەفۆن |
|---|---|
| ١/ سەرکەش عەبدولکەریم، سوید: | 0046 18328669 |
| ٢/ عەلی مەحمود، نیدەرلەند(هۆڵەند): | 0031 152129446 |
| ٣/ بەکر شوان شوانی،(ئەلمانیا) | 0049 1732865190 |
| ٤/ ئازاد ئەکرەم سلێمان(ئەلمانیا) | 0049 6138980593 |
| ٥/ رزگار شوانی(سوید) | 0046 13179511 |
| ٦/ هیوا ناسح ئاغجەلەری | 0046 17863461184 |
| ٧/ عەلی زەنگەنە | 0031 547292103 |
| ٨/ رزگار باهر | 0031 2263217337 |
| ٩/ نیهاد دزەیی | ............. |
| ١٠/ ڤیان عەبدالرزاق(سوید) | 0046 8 6579279 |
| ١١/ قادر نادر(سوید) | 0046 707454391 |
| ١٢/ پەیوەستگای دیموکراتییە کوردەکان لە سوید– لوند | |
| ١٣/ سەرکەوت جەلال دەباغ(سوید) | فاکس 0046 46136813 |
| ١٤/ ئەختەر شاکر(ئەلمانیا) | ........... |
| ١٥/ حاجی ئەنوەر(سویسرا) | 0041319922977 |
| ١٦/ کاروان کەریم(ئەلمانیا) | 0049 551 97031 |
| ١٧/هەرێم جاف | 0044 2088960236 |
| ١٨/ سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم | 0049 (0551)5314082 |
| ١٩/ کاردۆ کامۆ | 0049 030 76679458 |
| ٢٠/ هادی حاجی تالیب (نیدەرلەند) | 0031 703660747 |

**تێبینی**: ناوەکانی ئایندەش هەر لێرە بڵاودەبنەوە.